# جیاوازی گۆرانییە کۆنو نوێیەکانی زەکەریا لەدیدی عاشقانی دا

**فەرمان محەممەد**

زەکەریا عەبدوڵڵا ئەو هونەرمەندەیە کە توانی لەماوەیەکی کەم ستایلو هونەری تایبەتی خۆی بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز ببات‌و وای کرد کە جەماوەری کوردی بەرەو گۆرانییە کوردییەکان بێن لەوکاتەی کە جەماوەرو گوێگری کورد روویان لەگۆرانی‌و میوزیکی بیانی دەگرت، زەکەریا عەبدوڵڵا بەو ستایلە نوێیەو دەنگە ناسك‌و خۆشەکەی توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە، هونەرمەندی ناوبراو لەساڵی ١٩٩٩ توانی یەکەم بەرهەمی خۆی بەناوی (بگەڕێوە) بەرهەم بهێنێت‌و تاوەکو ئێستا خاوەنی پێنج ئەلبومی گۆرانییە، زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە شەیدایانی دەنگی زەکەریا زیاتر گوێ دەگرن لەگۆرانییە کۆنەکان‌و زیاتر ئەو جۆرانەیان پێ خۆشترە، بۆ ئەم مەبەستەو زانینی هۆکارەکانی بە پێویستمان زانی رای چەند کەسێك وەربگرین کە شەیدای دەنگی هونەرمەند زەکەریان، سەرەتا ساکار رۆستەم قوتابی زانکۆ پێی وابوو "زەکەریا سەرەتا بەئاست‌و ستایلێکی باش هاتە ناو بواری هونەری‌و توانی لەبەرهەمەکانی سەرەتایدا جەماوەرێکی بەرچاو بۆ خۆی راکێشێت، زەکەریا ئەو هونەرمەندەیە کە دەتوانێت بە هەموو ریتمێك گۆرانی بڵێت‌و تێدا سەرکەوتووبێت‌و گۆرانییە کۆنەکانیم زیاتر پێ خۆشترە چونکە مۆسیقا بەسەر گۆرانییەکانی زاڵ نییە لەچاو گۆرانییە نوێیەکانی"، بەلای ساکارەوە بەرهەمی (بگەڕێوە) یەکێکە لە خۆشترین بەرهەمەکانی زەکەریا. راو **سەرنجەکانی ڤیان مەجید قوتابی لەکۆلێژی ئەدەبیات بەو جۆرە بوو کە وتی "زەکەریا هەموو گۆرانییەکانی خۆشەو هەموو گۆرانییەکانیش هەردەم نوێن‌و کۆن نابن لەلای من‌و،** بەرهەمەکانی سەرەتایی زەکەریا لەبەر ئەوەی کە میوزیك ژەنەکانی هەموو کورد بوون تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو لەچاو بەرهەمەکانی ئەم دواییەی کە هەموو میوزیك ژەنەکانی تورکن‌و لەتورکیاش گۆرانییەکانی تۆمار دەکات ئەمەش لەبەر نەبوونی ستۆدیۆیەکی باش‌و پرۆفیشنال" بەلای ڤیانەوە خۆشترین ئەلبومی زەکەریا (تیلی ناز) بوو.

پشتیوان مەحموود یەکێکە لەشەیدایانی دەنگی زەکەریاو زۆر بەپەرۆشەوە باس لەم هونەرمەندە دەکات‌و دەڵێت "من زۆربەی کات گوێ لەدەنگی زەکەریا رادەگرم، چونکە دەنگی زۆر خۆشە، ستایلی زۆر تازەیە، هەروەها داهێنەرو تازەگەری کرد لەهونەری کوردی بەتایبەت لەگۆرانی‌و کلیپەکانی زۆر جوانن‌و تیکستەکانیشی زۆر ناسك‌و شیرنەو، هەموو بەرهەمەکانیشیم بەلاوە خۆشە بەتایبەت (رۆژگارو - تیلی ناز)، بەپێی بیرو بۆچوونی شاناز کەرکوکی هۆکاری حەزکردنی بۆ گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەند زەکەریا دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك ئەوانیش بەکارهێنانی شیعری چەند شاعیرێك وەك شیعرەکانی (شالاو)، گۆرانییە کۆنەکانی زیاتر مولکی کوردی پێوە دیاربوو لەچاو بەرهەمە نوێیەکانی کە لەسەر ستایلی تورکین، جوانی کلیپەکانی سەرەتای لەچاو کلیپەکانی ئێستای، شاناز ئەوەشی گوت کە "دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە زەکەریا بەگشتی هەموو گۆرانییەکانی خۆشە بەتایبەت گۆرانی (بگەڕێوە، نەمزانی، تاکەی بنالێم بۆ تۆ گیانە)". یەکێکی دیکە لەعاشقانی دەنگی زەکەریا بەناوی سەرهەنگ عارەب کە قوتابی زانکۆییە بەتامەزرۆوە باس لەهونەرمەند زەکەریا دەکات‌و دەڵێت "**بەلای منەوە هەرچی زەکەریا بیلێت گوێی لێ دەگرم‌و بەلامەوە خۆشە، ئێستا زەکەریا بە ئیمپراتۆری کوردی ناوزەند دەکەم،** چونکە توانی مێژوو بۆ هونەری کوردی دروست بکات، ئەگەر وازیش لەگۆرانی بهێنێت تەنها گۆرانی (کوردستانی) بۆ مێژووەکەی بەسە". ئەگەرچی دارەوان سەروکانی قوتابی زانکۆ لەسەرەتا گوتی "من بەگشتی حەز بەهەموو گۆرانییەکانی زەکەریا دەکەم، ئەتوانم بڵێم تاکە هونەرمەندە کە لەکورد بەو جۆرە هەڵکەوتوە، بەلاّم لەدرێژەی قسەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك گوێ لەگۆرانییە کۆنەکان دەگرم هەست بەخۆشییەکی تر دەکەم، چونکە ئاوازو هۆنراوەکانی زۆر ناسك‌و خۆشتر بوو لەچاو ئاوازو هۆنراوەکانی ئیستای. کچە قوتابی شەیما باس لەوە دەکات کە گۆرانییە کۆنەکانی زەکەریا زیاتر هەست‌و سۆزی تێدا بوو لەچاو گۆرانییەکانی ئێستای، مۆسیقاکەشی زیاتر هێمن‌و لەسەرخۆبوو و مولکی کوردی پێوەدیار بوون‌و هۆنراوەکانیشی زۆر ناسك بون". یەکێکی تر لە شەیدایانی هونەرمەند زەکەریا کە ناوی (هێمن حوسێن) بوو باس لەوە دەکات کە بۆیە حەز بەگۆرانییە کۆنەکانی دەکات، چونکە بەگشتی گۆرانییە نوێیەکانی ئەم سەردەمە یەك دوو جار دوای گوێ لێگرتن بێزار دەبی لێی، بەپێی بیرو بۆچوونەکانی رۆنیا قوتابی زانکۆ کە هۆکاری گوێ گرتنی لەگۆرانییە کۆنەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر بوونی هونەرمەند لەو ستایلەی کە ئێستا زەکەریا لەگۆرانییەکانی گرتیتیەبەرو، ئاوازو هۆنراوەکانی کۆنی کاریگەرتر بوون لە ئێستای، ئەگەرچی سەحەر عەبدولمەجید پێی وابوو کە هونەرمەند زەکەریا ئێستا لاسایی گۆرانی بێژەکانی تورك دەکاتەوە، بەلاّم سەرسامی خۆی دەربڕی بۆ گۆرانییە کۆنەکانی‌و گوتی "زۆر حەز بە گۆرانییە کۆنەکانی دەکەم ، چونکە ئەوکات ستایلێکی تایبەتی هەبوو". هەروەها ئەحمەد حەسەن لەکۆلێژی ئەدەبیات وەك عاشقێکی ئەو دەنگە دەڵێت "زەکەریا سەرەتا بە ستایلێکی نوێ دەرکەوت‌و، گۆرانییە نوێ‌و کۆنەکانی بەلامەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە زەکەریا بەردەوام وەك ئەستێرەیەك ئەدرەوشێتەوە تاوەکو ئێستا، تاکە هونەرمەندی کوردە کە لەسەر ئاستی دەرەوە دەتوانێت گۆرانی بڵێت‌و ناوبانگی هەیە".



عاشقێکی دەنگی زەکەریا:

## ئەگەر زەکەریا واز لەگۆرانی بهێنێت تەنها گۆرانی ( کوردستان )ی بۆ مێژووەکەی بەسە

## رۆژژمێری دەنگی مەخموور (مانگی ئایار)

**ئا/ سارا**

* تەقینەوەیەکی گەورەی شاری مەخموری هەژاند، لەرۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٥/١٣ بۆ یەکەمین جار لەمێژووی ئەو شارە تەقینەوەیەکی گەورە لەناو جەرگەی شاری مەخموورو لەبەردەم هەردوو بارەگای قایمقامیەتی مەخموورو لقی ٢٣ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەئەنجامدا دەیان شەهیدو بریندداری لێکەوتەوە، تەقینەوەکە بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو بوو لەلایەن تیرۆرستێکی خۆکوژ کە تێیدا زیاتر لە (٤٠) شەهیدو (١٣٠) بریندداری لێکەوتەوە، قوربانیانی ئەو هەوڵە تیرۆرستیە بریتی بوون لە پۆلیس‌و پێشمەرگەو هەروەها لەنێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب هەبوون. کارەساتی ئەو تەقینەوەیە ئەوەندە گەورەبوون دوای دوو ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە تێپەریوە هێشتا ئاسەوارو شوێنەواری تەقینەوەکە لەو شارە جێ ماوە.

* وەزیری هەرێم‌و سکرتێری ئەنجومەنی باڵای وەرزش (جەودەت نەجار) سەردانی مەخمووریان کرد، لەرۆژی ٢٠٠٤/٥/١٠ هەر لەهەمان رۆژ هەژدەمین پێشانگای فۆتۆگرافی (مەحموود هەولێری) لەهۆڵی پەروەردەی مەخموور کرایەوە هەر لەو سەردانەیاندا نزیکەی (٣٠) تاخم لە جلوبەرگی وەرزشی‌و چەندین کەلوپەلی وەرزشی بەسەر وەزشوانانی مەخموور دابەش کرا.

* رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢ تەلاری وەرزشی قوتابخانەکانی پەروەردەی مەخموور کرایەوە، لەژێر چاودێری رێزدار نێچیرڤان بارزانی بە ئامادەبوونی قایمقامی مەخموور (عەبدولرەحمان بێلاف)و بەسەرپەرشتی حیزب‌و لایەنەکان‌و بەهاوکاری رێکخراوی (ڤۆگا)، ئەم تەلارە وەرزشییە بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی وەرزشییە هەر بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك سازکرا کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان‌و قوتابیان ئامادەبوون.

## تەوافی تۆ

**هەڵگورد مەخمووری**

دیسان خۆر لەرۆژێکی نوێ
لەکازیووە
هێدی... هێدی
بەلێوەکانم پێکەنی
وەرزێك ئەوا بەرێوەیە
بەرگێکی تری پۆشیوە
کاروان سەرای خەزانێکی ساردو سوورم
لێ تێ پەری
منیش هەر بە ئومێدەوە
چاوەرێی قاقاو دەنگی تۆم
وەکو سۆفی
کەشکۆلەکەم پێچایەوە
هێندەی حەزی چوونە تەکیەو
دیوانی گەرمی بابەشێخ
بۆ سەفەری تەوافی تۆ
ژوانم لە لێواری کابەی
عیشقی پیرۆزت داناوە
تارایەکی رەشی چڵکن
وەکو تەونی جالجالۆکە
لەبەر وەهما هەڵجندرایە
هەر دمرۆم و بەو خەونەوە
کۆچباری من
هێشوو ئەکا بەرێگاوە

# ئافرەتانی مەخموور گیانیان لەمەترسیدایە

**چریکە مەخمووری**

سەبارەت بەچەند پرسێکی تایبەت بە ئافرەتانی مەخموور، دەنگی مەخموور بەپێویستی زانی راو بۆچوونی چەندین ئافرەتی چالاکوان لەو بوارەدا وەربگرێ لەبەرامبەر نەبوونی نەخۆشخانەو کەمی پزیشکی پسپۆرو شارەزاو سەرەرای کەمتەرخەمی لەبواری تەندروستی‌و بەفریا نەکەوتنی ئافرەتانی دووگیان کە گەورەترین مەترسی دەخاتە سەر ژیانیان تا دێت رەوشی ئافرەتانی مەخموور بەرەو خراپتر دەڕوات.

کوردستان خەلیفە لێپرسراوی (یەکێتی ئافرەتانی مەخموور) پێی وابوو مەخموور تاوەکو ئێستا نەخۆشخانەیەکی مام ناوەندی هەیە ئەویش بنکەی تەندروستی مەخموور تا رادەیەك باشە خزمەت ئەکات قاوشی ئافرەتانی تایبەت بۆ منداڵ بوون هەیە، بەلاّم کاری پسپۆر بەو بوارە کەمە هەولێریش بۆمان رەوانە ناکات، چونکە نەگەڕاینەوە سەر هەرێم، بڕیار وایە نەخۆشخانەیەکی گەورە دروست بکرێت‌و هەولێریش هاوکاریمان بکات بۆ دابین کردنی چەند ئامێرێکی باش‌و بەسوود هەر حاڵەتێکی هاتە پێش بەخێرایی بە ئیسعاف بگوازرێتەوە هەولێر بەهیمەتی خوداو خەڵکی خەمخۆری ناوچەکە ئینشائەڵڵا تەواو دەبێت، ئەگەر بەراوردی بکەین ئەو رووداوە کۆمەلاّیەتییانەی کە لەهەولێرو سۆران‌و شەقلاوەو سلێمانی‌و رانیە روودەدات لەمەخموور کەمترە، هەرچەندە لەکۆرو سمینار هۆشیاری ئافرەت دەکەینەوە، بەلاّم سوودی کەم بووە، ئافرەتانی عەرەبیش هیچ ئاستەنگیان لەپێش نییە، دەتوانن بچنە هەولێر، پاك‌و خاوێنی نەخۆشخانەو دابین کردنی پێداویستییەکان رۆڵ دەبینن بۆ رزگار کردنی ئافرەت‌و کۆرپەلە لەمەترسی، لەهەمان کاتیش مامانەکان بۆ هەندێ حاڵەتی ئاسایی رزگار کردن باشن دکتۆریش بۆ کاتی تەنکانە، واتە هەردووکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە.



پرشنگ عەلی



روخسار سیامەند

یەکێك لەئافرەتەکانی مەخموور وتی تائێستا مەخموور لەژێر تەعریب دایەو هیچ لایەنێك گرنگی پێ نادات، هیچ نەخۆشخانەیەك نییە جگە لەبنکەی تەندروستی ، بەتایبەت بەشی منداڵ بوونی نییە، بۆیە ئافرەتان ژیانیان لەمەترسی دایە. کاتێ پسپۆری منداڵ بوون بەرجەستە نەکەین ناچاری هانا بۆ مامانی مەدەنی ببەین، مامان هەندێکیان زۆرباشن‌و زۆر هێمنن، بەلاّم هەندێکیان ئازاریان ئەدەن. لەهەمانکاتدا پاك‌و خاوێنی نەخۆشخانەو دکتۆر رۆڵ دەبینن، چونکە هەندێك جار ئافرەت لەنەخۆشخانەی منداڵ بوون شەکەتی دەبێت، من وەك ئافرەتێك داواکارییم لەهەموو لایەنێك ئاورێك لەمەخموور بدەنەوەو گیانی دایکان لەمەترسی رزگار بکەن.

پرشنگ عەلی لێپرسراوی (یەکێتی ژنان لەمەخموور) دەڵێت مەخموور شارێکی دابراو کێشەی لەسەرە بەبیانوی دوو ئیدارەی موسڵ‌و هەولێر، تاکو ئێستا ساڵەی منالّ بوون‌و پزیشکی ژنانی پسپۆرو پێداویستییەکانی تێدا نییەو، پاك‌و خاوێنی نەخۆشخانەوە تاکی کۆمەڵ مانای بوون بەشارستانیەت‌و پێشکەوتنە واتە پاك‌و خاوێنی باشترە لەچارەسەر! رزگارکردنی ئافرەت لەنەخۆشخانە باشترە نەك لەماڵ، رێژەی مردن کەم دەکاتەوە ئافرەتانی مەخموور بەناچاری بەرگەی ئێش‌و ئازار دەگرن، پێویستە ئافرەتانی عەرەبیش وەك هاولاّتییەکی مەخموور مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، مامان هیچی پێ ناکری تەنیا فریاکەوتنی سەرەتایی نەبێت، نەخۆشخانە زۆر باشترە لەهەموو مامانێکی رێگە پێدراو بەمەرجێك نەخۆشخانەکەش گونجاوو تەواو بێ لەپێداویستی ئامێرو کادیری بەتوانا بەتایبەتی بۆ منداڵی نۆبەرە، چونکە ئەگەری تووش بوون بەتەنگی‌و نەزیفی هەیە.

روخسار سیامەند وتی مەخموور سەر بەدوو لایەنەو هیچ کامێکیان گرنگی پێ نادەن ئافرەتیش هانا بۆمان دەبات واتە عەشایر ئەویش بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەوە گیانیان لەمەترسی دایە لەبەر نەبوونی پسپۆری شارەزا لەبەشی لەدایك بوون، بەلاّم هەریەك لەئافرەتانی مەخموور ئافرەتانی هەولێریش گیانیان لەمەترسی دایە ئافرەتی عەرەب لەبەر کەمی متمانە کەمتر بۆ هەولێر دەنێردرێن‌و بۆ موسڵیش لەبەر نائارامی رەوشی شارەکە، نەخۆشخانە باشترە لەماڵ، چونکە ئافرەت لەکاتی سك پڕی چەند جارێك دەبێ سەردانی دکتۆر بکات، لایەنی باشی مامان ئەوەیە ئەگەر نەخۆشخانە نەبێت بەتایبەتی لەلادێ دەتوانی منداڵەکە رزگار بکات لایەنی خراپی ئەوەیە ئەگەر ئافرەت لەمەتری دابێت هیچی پێ ناکرێت هەتا ئەگەر رێگا پێدراویش بێت.

رۆژان خان بەم جۆرە وەلاّمی پرسیارەکانی دایەوە لەبەر کەمتەرخەمی هەردوو ئیدارەی موسڵ‌و هەولێر نەخۆشخانەوە پێداویستییەکانی بونیان نییەو داواکارییەکانمان فەرامۆش کراون. رزگارکردنی ئافرەت لەماڵەوە باش نییەو مەترسیدارە زۆر دەبێتە هۆی مردنی منداڵ یان دایکی‌و چوونی ژنان بۆ لای مامان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك باری ئابووری یان نەبوونی هۆشیاری، زۆرجاریش مامان رۆڵی باش دەبینی وەك لەدێهات یان ئەو شوێنانەی بنکەی تەندروستی نییە.

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی یەکێك لە مامانەکانی مەخموورمان کرد بەم شێوەیە وەلاّمی داینەوە مامانەکانی ئێرە هەموو رێگا پێدراون دەتوانن کاری باش بکەن بۆ ئافرەت، ئەگەر پێویستی بەدکتۆر بوو دەتوانی سەردانی دکتۆر بکات مامان‌و دکتۆریش لایەنی باش‌و خراپیان هەیە، زۆرجار مامان ئازارێکی زۆری ئافرەت دەدات ئەمەش لەبەر توندی‌و خێرایی مامانەکەیە زیاتر کە ئارام ناگرێت بەمەش ئافرەت یان کۆرپەلە یان هەردووکیان هیلاك دەبن‌و گیانیان دەکەوێتە مەترسی من هەندێك جار ئافرەتم رزگار کردووە دکتۆر سەیری پێ هاتووە کە پێشتر ئەم ئافرەتە سەردانی دکتۆری کردووە دواتر سەردانی کردیتەوە، نەخۆشخانەش لایەنی باشی هەیە بەهۆی ئامێری دکتۆرو پسپۆرو پاکژی، بەلاّم هەندێك نەخۆشخانە زۆر پیسە جۆرەها نەخۆشی ترسناکی لێ دەبێتەوە یان دکتۆر لەحاڵەتی چەقینی منداڵ نازانی کە بۆی چاك بکات یەکسەر نەشتەرگەری بۆی دەکات ئەمەش پێویست نییە هەندێك دکتۆر یان پەرستیار مامەڵەیان توندو ناخۆشە دەنگ بەرز دەکەنەوە لەسەر ئافرەت، لەنەخۆشخانەی هەولێر بینیومە ئافرەت لەحاڵەتێکی خراپ بووە هاواری دەرکرد نەدەچوون بەدەنگییەوە.

# هەواڵە وەرزشییەکان

### کۆنفرانسی چونیەتی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان لە هەولێر بەرێوەچوو

بەئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز مەسعود بارزانی لەهۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا لەهەولێر لەرۆژانی ٢٧-٢٨/٤/٢٠٠٩ کۆنفرانسی نیودەوڵەتی چۆنیەتی بەشداری هەرێم لەچالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان بەرێوەچوو کە وەزارەتی وەرزش و لاوان رێکی خستبوو بەهاوکاری ئەنجومەنی وەرزش و وڵاتی وێلز.

ئەم کۆنفراسە درێژە پێدەری کۆنفرانسی مانگی دێسەمبەر ٢٠٠٨ لەشاری کاردیفی پایتەختی وێلز بەرێوەچوو. کە چەندین کەسایەتی وەرزش ناوداری جیهان ئامادەبوون لەوانە سەرۆکی ئەنجومەنی وەرزشی وێلز (هوو جۆنن)و خاتوو (فائیزە رەفسەنجانی) سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهانی.

یەکێك لەدەستکەوتە گرنگەکانی ئەم کۆنفرانسە ئەوەبوو کە یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن و هاوکاری لەنێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان و فیدراسیۆنی وەرزش و ئافرەتانی ئیسلامی ئیمزاکرا.

### بۆ جاری دووەم لەسەریەك یانەی بروسك نازناوی خولی تۆپی پێی یانە نایابەکانی کوردستان بەدەست دەهێنن

بەر لەتەواو بوونی خولی نایابی کوردستان بە سێ یاری، یانەی بروسك بۆ جاری دووەم لەسەر یەك بووە پاڵەوانی خولی کوردستان دوای ئەوەی رۆژی پێنجشەمە ٢٠٠٩/٥/١٧ لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر یەکسان بوون بەبێ گول لەسەر یاریگای یانەی پێشمەرگە. لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئەنجامی یەکسان بووی یانەی سیروانی نوێ دووەمی ریزبەند لەگەڵ یانەی هەندرێن یاریزانی یانەی بروسك کەوتنە ئاهەنگ گێران کە لەناو یاریگا بەبۆنەی سەرکەوتنیان لەم خولە.

### یانەی نەورۆز نازناوی یەکەم خولی تۆپی پێی تازە پیگەیشتوانی کوردستان بەدەست دەهێنن

یانەی نەورۆز نازناوی یەکەم خولی تۆپی پێ یانە نایابەکانی کوردستانیان بەدەست هێنا کە ماوەکەی ١٥ هەفتە بوو، بە کۆکردنەوەی ٣٥ خاڵ کە لەدوا یارییدا سەرکەوتن بەسەر یانەی ئالا بە ٣-١ گۆڵ، یانەی زاخۆش کە ٣٤ خاڵ بەدەست هێنابوو دووەمی خولەو یانەی هەولێریش پلەی سێیەمی بەدەست هێنا.

# جامی خولی یانە پاڵەوانەکان لەنێوان گواردیۆلاو ڤێرگسۆن



رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە یاریگای ئۆلمپیکۆ لەرۆمای پایتەختی ئیتالیا دەبێتە شانۆی نمایش کردنی هێزو ئاست بەرزی، لەنێوان یانەی مانچستەر یوناتیدی ئینگلیزیو بەرشلۆنەی ئیسپانی، ئەمەش بۆ دیاریکردنی پاڵەوانی ئەمساڵی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا. هەردوو یانە لەم وەرزە لەخولی ناوخۆی وڵاتەکانیان و خولی ئەورووپاش ئاستێکی بەرزیان نیشانداو بەشایستەی گەیشتوونەتە ئەم یاریە.

ئەگەر ڤێرگسۆنی راهێنەری مانچستەر لەم یاریەدا شانازی بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ بکات، ئەوا گواردیۆلای راهێنەری بەرشلۆنەش شانازی بە (لیۆنیل میسی) دەکات. هەر چۆنێك بێت هەردوو یانە پڕ لە ئەستێرەن کە دەتوانن نمایشێکی جوانی تۆپی پێی پێشکەش بکەن.

خاڵی جیاوازی نێوان ئەم دوو یانەیە راهێنەرەکانیانە. راهێنەری شەیتانە سوورەکان خاوەن ئەزموونێکی دووردرێژە لەگەڵ یانەکەیو ماوەی ٢٣ ساڵی سەرپەرشتی ئەم یانەیە دەکاتو ٣ جاریشە یانەکەی دەگەیەنێتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکان.

(گواردیۆلای) راهێنەری بەرشلۆنەو پیاوە گەورەکەی ئێستای هەرێمی کەتەلۆنیاش گەرچی یەکەم وەرزە سەرپەرشتی یانەکەی دەکات، کەچی ئەو ئەنجامانەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لەم وەرزی خولی ئیسپانیا پێشکەشی کرد، ژمارەی پێوانەی بوونو بووە جێگای ستایش لەسەر زاری (یۆهان کرۆیف)ی ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندی.

بۆیە واچاوەروان دەکرێت کە (گواردیۆلا) بتوانێت بەسەر فێڵەکانی مانچستەر یوناتید زاڵ بێت هەرچەندە بەشەیتانە سووریش ناوبرێن.

# کورتەیەك لە ژیانی ئەستێرەی بەناوبانگ یونس مەحموود



یونس مەحموود یاریزانی تۆپی پێی ئێراقی لە ٢ی شوباتی ١٩٨٢ لەکەرکوک لەدایك بووە، لەیانەی غەرافەی قەتەریو هەڵبژاردەی ئێراق یاری دەکات، سەرەتا لەگەڵ یانەی (دبس) دەستی بە یاریکردن کردووە ئەمەشە لەساڵی ١٩٩٧ بووە، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٩ چووەتە یانەی کەرکوك، لەساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ یانەی (تەلەبە) یاری کردووە، لەساڵی ٢٠٠٢ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٤ لەیانەی وەحدەی ئیماراتی یاری کردووە، لەساڵی ٢٠٠٤دا لەگەڵ یانەی (خۆری)ی قەتەری بۆ ماوەی دوو ساڵ یاری کردووە.

ناوی یاریزان (یونس مەحموود) بەستراوە بە بەدەستهێنانی جامی ئاسیا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراق دوای تۆمارکردنی گوڵی سەرکەوتن لەبەرانبەر هەڵبژاردەی سعودیە، جگە لەمەش یەکێك لە جوانترین گۆڵەکانی ئەوەبوو کە گۆڵی یەکسان بوونی لەکردنەوەی یارییەکانی ئاسیا لە هەڵبژاردەی تایلەند تۆماری کردووە، لەگەڵ ئەو ئاستەی بەرزەی لەو پاڵەوانێتیە بەدەستی هێناو هەر لەو خولە توانی دوو گۆڵ لەهەڵبژاردەی فیتنام تۆماربکاتو گۆلێکیش لەهەڵبژاردەی سعودیە کردو توانی بێتە گۆلکاری پاڵەوانێتی ئاسیا لەگەڵ تاکاهاراو یاسر قەحتانیو ناوهیرو بە ٤ گۆڵو توانی خەڵاتی باشترین یاریزانی لەجامی ئاسیا بەدەست بهێنی کە ئەوەش یەکەم یاریزانی ئێراقیە کە ئەم خەڵاتە بباتەوە.

رەفیق ساڵح ئەمین:

# یاریزانانی ئێستا کەمتەرخەمنو گرنگی بە مەشقو راهێنان نادەن

**جەلال خەیلانی- مەخموور**



**رەفیق ساڵح ئەمین لەساڵی ١٩٦٤ لە مەخموور لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و پیشەسازی هەر لەو شارە تەواو کردووە، یەکێکە لەوەرزشوانە دێرینەکانی مەخموور، بۆ ئەم مەبەستە ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵدا سازکرد.**

*** دەستپێکی هاتنە نێو دونیای وەرزش چۆن بوو؟**

- لەساڵی ١٩٧٦ لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، یەکەم جار دەستم بە وەرزش کرد، دوای ئەوە ئاستم بەرەو باشی دەچوو، چونکە زۆر ئارەزووم بوو، لەساڵی ١٩٧٧-١٩٧٨ چەند وەرزشوانێك هەبوون گرنگیان بە ئێمە دەدا زۆر جلوبەرگی باشیان دەدایێ بۆ تیپی (اتحاد شباب) ئەوکات (مرکز شباب) نەبوو، هەروەها ئەوکات باو بوو لە قوتابخانەکان جلوبەرگیان بەسەر قوتابیان دابەش دەکرد، هەر لەو ساڵەش بەشداریم لەفیستیڤاڵی وەرزشی کرد کە توانیمان پلەی یەکەم بەدەست بێنین لەسەر گشت قوتابخانەکان، زۆربەی چالاکییەکان خوالێخۆشبوو (عومەر عەبدوللا حوسێن)و (تەحسین عوسمان) بەشدار دەبوونە هۆی سەرکەوتنمان، ئەو ساڵانە زۆر خۆش بوون، چونکە بە ئارەزوویێکی زۆرەوە یاریمان دەکرد.

*** ئەو تیپانەی بەشداریتان دەکرد تەنها ناو مەخموور بوون یان ناحیەکانی (گوێر-دیبەگە- قەراجیش) بوون؟**

- گشت قوتابخانەکانی مەخموورو ناحیەکانیش بوون، لەگەڵ هەندی گوندی عەرەبیش وەك (مکوك-خالیدیە-صلاحیە)و زۆری تر بەکەیفێکی خۆشو خەلکێکی زۆر ساڵانە خۆی بۆ ئامادە دەکرد، زۆر خۆش بوو خەمو خەفەت نەبوو.

*** چالاکی فیستیڤاڵەکان چی بوو؟**

- چالاکییەکان (١٠٠م-٢٠٠م-٤٠٠م و بریدو هەڵدانی بەرزو قورسای)و وەك ئەم فیستیڤاڵانەی پەروەردەکان دەکرێت ئێستا، بۆ خۆشی یاری ناو گوشیش دەکرا.

*** ئەوکات کچانیش بەشداریان دەکرد، یان تەنها کوران بوون؟**

- بەس کور بەرێژەیەکی زۆر بوون، کچانیش بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران کەم بەرچاو دەکەوتن.

*** لە چ شوێنێك یاریت کردووە؟**

- لەهێڵی هێرشبەر، چونکە ناوبانگ دەردەکەی کاتێ گۆڵ تۆمار دەکەی.

*** ئاستی تیپەکەتان چۆن بوو؟**

- لەگەڵ تیپە زۆر بەهێزەکان زۆر جار یەکسان دەبووین لەگەڵ تیپەکانی تریش هاوشێوەی خۆمان دەمانبردەوە (١-٠) یان (٢-١) کەواتە ئاستمان باش بووە.

*** ئەو تیپانەی کە یاریتان ئەنجام دەدا لەگەڵیان کام تیپ بوون؟**

- لەهەولێر تیپی میللی وەك تەیراوە بەزۆری مەرکز شەبابەکانیش (سدیق-شەقلاوە-دیبەگە-شەهید ئیبراهیم).

*** کام تیپ موناڤەسەی لەگەڵتان دەکرد بۆ یاری کۆتایی؟**

- شەهید ئیبراهیم زۆر بەهێز بوو، چونکە زۆر جار یاریزانی دەرەوەی تیپەکەی بەشدار پێدەکرد، ئەمەش تەمەنیان نەدەگونجا لەگەڵ مەرکز شەباب وەك (سەباح سابیر-ئەنجومون-فازل عباس) ئێستا لەیانەکانی پلە دووی ئیتالیا یاری دەکات.

*** لەگەڵ کام تیپی میللی یاریت کردووە؟**

- لەگەڵ دامەزراندنی تیپی ئاشتی راستەوخۆ بەشداریم کرد پاشان بۆ قەرەچووغو نەورۆزیش یاریم کردووە.

*** هیچ کات یانەی هەولێر بانگێشتی یاریزانانی مەخمووری نەکردووە؟**

- بەڵێ زۆرجار دەهاتن داوای یاریزانی دەکرد بۆ رێزی یانەکەیان، بەڵام نەمان دەتوانی بچین، چونکە دەبووایە هاتوچۆ بکەین.

*** خۆشتر یاری لای تۆ کام یاری بوو؟**

- خۆشترین یاریم ئەوەبوو لەخولی پیشەسازییەکان من (٣) کاسم وەرگرت، یەکەم هداف دەوری، دووەم باشترین تیپو سێیەم کاسی یەکەمی تیپ.

*** ناخۆشترین یاری چی بوو؟**

- ناخۆشترین یاری بوو کاتێ کاك (دڵشاد خدر) لە سێ جێ قاچی شکا، بووە هۆی دۆرانمان (١-٠).

*** یاریزانی سەرکەوتوو لای تۆ کامەیە؟**

- یاریزان ئەوکات بەدیار دەکەوێ کە گوێ رایەڵی راهێنەرو ملکەچی بڕیارەکانی ناوبژیوان بێ پابەندی یاساکانی ناو یاریگا بێت. لیاقەی باشی هەبێ.

*** ئەو یاریزانەی مەشق نەکات چۆنە؟**

- وەك جوندیەکی بێ فیشەك لەکاتی جەنگ تەنها هەڵاتنی بۆ دەمێنێتەوە، واتە تۆپی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە.

*** ئاستی وەرزش پێشترو ئێستا چۆن بەراورد دەکەی؟**

- پێشتر هەموو یاریزانێك خۆبەخش بوون هەتا راهێنەریش. بەڵام ئێستا مەخموور تارادەیەك گرنگی باش بەیاریزانان دەدرێت لەلایەن یانەکان لاوان، بەڵام گەنجان کەمتەرخەمن زۆر ئیهتیمام بە مەشق نادەنو موعیدی مەشقیان دەبەزێنن.

*** ئەو شکستانەی چین رووبەڕووی یانەکانی مەخموور دەبنەوە؟**

- هۆکاری سەرەکی یاریگای مۆدرین-دووەم نەبوونی راهێنەری ئەکادیمیو پسپۆری باشی وەرزش.

*** بۆچی لەوەرزش دابرای؟**

- یەکەم جار بەهۆی رێکخستنەکان بوو، دووەم جار تەمەنم بەسەرچووە ئەو توانایەم نەما.

*** ئێستا خولی شەش یاریزانی باوە ئەمە چۆن دەبینی؟**

- یەکەم نەبوونی لیاقەو نەبوونی گۆڕەپانێکی گەورەو شەش یاریزانیش لیاقەی کەم دەوێ.

*** کە یاریگات جێهێشت هەستت بەچی کرد؟**

- وەڵاهی یاریگام ئەوەندە خۆش دەوێ، بەڵام تاقەتم نەماوەو بیر لەرابردووی خۆم دەکەمەوە زۆر یادگاری خۆشمان بەسەربرد.

*** داواکاریت چییە لەلایەنی وەرزش و لاوانەوە؟**

- هیوادارم زیاتر هەوڵبدەن بۆ بووژاندنەوەی ئاستی وەرزش لەدەڤەری مەخموورو گرنگی بەگەنجو لاوانی ئێمەش بدەنو یاریگایەکی مۆدێرن بۆ مەخووریش دروست بکەن.

# گرنگی قوتابخانەکانی تۆپی پێ



**عەبدولرەحمان ئادەم**

**لەم دوایەدا دەبینین کەوا لە کوردستان بەتایبەتی لەشاری هەولێر چەند قوتابخانەیەکی تۆپی پێ کراوەتەوە لەوانە قوتابخانەی ئەرجەنتینی لەشارۆچکەی پیرمامو قوتابخانەیەك لەیاریگای چیمەنی هۆڵی زەرد سەر بە بەرێوبەرایەتی وەرزش و لاوان کە ئەویش مژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆمانو لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانانە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دۆزینەوەی یاریزانی بەهرەمەندی لاو بۆ ئەوەی کۆیان بکەینەوە پەروەردە بکرێن لەسەر بنچینەیەکی زانستیو لەدوایدا بچنە یاریگای گەورەو یانەکان لەدوایدا بۆ هەڵبژاردەکان، هیوامان زۆرە بەیەکێتییە وەرزشییەکانی دیکەی کوردستان کەوا قوتابخانەی تایبەتی بەیارییەکانی تر بکەنەوەو دەرگای کراوە بێت بۆ هەموو بەشداربوویەکو ئامانجی ئێمە تەنها ئەوە نەبێت کۆکردنەوەی زۆری بەشداربووان، بەڵکو دیارکەوتنی بەهرەمەندی بەتوانا بێت باژمارەیان کەم بێت.**

**پێویستە راهێنەری خاوەن ئەزموونو بەتوانا دەستنیشان بکرێت بۆ سەرپەرشتی کردنو هەروەها پێویستە کارمەندی پزیشکی تەواو دابنرێت بۆ پشکنینی ئەو یاریزانە منداڵانەی کە دێنە ئەو قوتابخانەو بەدواداچوونی پزشکیان بۆ بکرێتو ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ دیارکەوتنی ئەو بەهرەمەندانە.**

**لەکۆتاییدا دەڵێین با هەموو توانایەك بخەینە گەڕ بۆ سەرکەوتنی ئەو قوتابخانانە، ئەو گرنگییەی پێ بدەین لەجیاتی بەفیڕۆدانی ئەو هەموو پارە زۆرە بۆ هێنانی یاریزانان لەدەرەوەی هەرێم بابیانکەینە پاڵپشتو زیاتر بایەخ دان بەقوتابخانەو فراوانکردنی بناغەی وەرزشی لە کوردستاندا.**

# گواستنەوەی یارییەکانی تۆپی پێ بەزمانی کوردی

یاریە وەرزشییەکان لەسەرتاسەری جیهان جەماوەرێکی زۆریان هەیە، یاری تۆپی پێش لەسەرووی یاریە وەرزشییەکانی ترە کە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بەبینراوو بیستراوو خوێندراو گرنگی زیاتری پێ دەدەن. ئەم گرنگی پێدانەی زیاتریش بەیاری تۆپی پێ تایبەت نییە بەم ناوچەیە، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهان هەروایە.

هەر وڵاتێکش لەکاتی گواستنەوەی یاریەکان بەزمانی خۆیان یاریەکە توانج (تعلیق) لەسەر یاریەکە دەکەن. لەلای خۆمان تاکو ئێستا گواستنەوەی یاریەکان بەزمانی کوردی نەبووەتە دیاردەو، هەندێك لەکەناڵەکان وابەستەی زمانی عەرەبین. تەنانەت هەندێك لەبەرێوەبەری دەزگاکان پێیان وایە نابێت (تعلیق) بەزمانی کوردی بێت، چونکە خەڵك لەسەر (تعلیق)ی عەرەبی راهاتووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵی تر هەیە کە یارییەکان بەزمانی خۆمان دەگوازنەوە.

بەلامەوە گرنگە کە هەوڵ بدرێت کە بەپێی توانا گشت یاریەکان بەزمانی کوردی بگوازرێنەوە، چونکە ئێستا هۆکاری دەستکەوتنی زانیاری لەرێگەی ئینتەرنێتەوە زۆر ئاسانە، کەواتە ئەوەی معلقێکی عەرەب دەتوانێت زانیارییەکان لەسەر یاریەك بڵێت بەهەمان شێوەش معلیقە کوردەکە ئەم زانیارییانە دەگەیەنێتە هاندەرانو ئاستی تێگەیشتنی هاندەری کوردیش بێگومان بۆ زمانی خۆی زیاترە.

هەر وەك ساڵانێکی دوورو درێژە چەند معلقێکی کورد خۆیان خۆیان دروستکردووەو دەتوانن زۆر باش کۆنترۆڵی گواستنەوەی یاریەکەو تعلیق بکەن، گەرچی هەریەکەیان شێوازی خۆیان هەیە، بەڵام هەریەکەو تامو چێژی خۆی هەیەو خاوەن جەماوەرێکی زۆرن.

دەستخۆشی لەو کەناڵانە دەکەین کە بەبەردەوامی یاریەکانمان بەزمانی کوردی پێمان دەفرۆشن، هیواداریشین ئەو بەرێوەبەرانەی کەناڵەکان کە حەزیان لەزمانی عەرەبییەو ئارەزوو دەکەن تعلیقەکە بەزمانی عەرەبی گوێ بیست بن، با خۆیان لەکەناڵە عەرەبییەکان سەیری یاریەکە بکەنو رێگاش بەو معلیقی کوردی بەتوانا بدەن ئەسپی خۆیان تاو بدەن، لەدوایشدا جەماوەر لەسەر گوێبستبوون بەتعلیقی کوردی رابێنن.

**هیوا قادر**

بەرێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
٠٧٥٠٤٦٠٧١٨٣

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
موحسین شوانی
خەلیل پاڵاذی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
ئەمیرخان مەلا رەسول

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور